ئاسمان هەوری تەواو دەبێت لەگەڵ نمبباران لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم و پێشبینی بەفرباریـن دەکرێت

بەرێوبەرایەتی بومەلەرزەزانی و کەشناسی هەرێمی کوردستان، پێشبینییەکانی کەشوهەوای بەاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد، ئەمڕۆ شەممە ئاسمان هەوری تەواو دەبێت لەگەڵ نمبارانی پچڕ پچڕ لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، هەروەها بەفرباریـن لە ناوچە شاخاویەکاندا بەردەوام دەبێت و لەکاتەکانی درەنگانی شەو بەفرباریـن درێژ دەبێتەوە بە ناوچەکانی ناوەڕاستی هەرێم بەشێوەی پچڕپچڕ.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، نزمترین پلەی گەرما لە حاجی ئەمەران تەمار دەکرێت کە 4 پلەی سیلیزی لەژێر سفر دەبێت، هەروەها بەرزترین پلەی گەرمیش لە هەولێر و کەرکووک و دوزخورماتوو دەبێت کە حەوت پلەی سیلیزی دەبێت.